# حەیزو نیفاس

## لە شەریعەتی ئیسلام


نووسینی

**مەلا محمود گەڵاڵی**



هەولێر _ کوردستان

# حەیزو نیفاس

# لە شەریعەتی ئیسلام

نووسینی

**مەلا محمود گەڵاڵی**

مزگەوتی کۆمەڵگەی گەڵاڵە – سۆران

**هەولێر _ کوردستان**

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٤٢ھ | ٢٧٢٠ك | ٢٠٢١م |

بسم الله الرحمن الرحيم

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ
فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ
فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ
وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ

سورة البقرة: ٢٢٢

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على سيد المرسلين ، وعلى آله وصحبه أجمعين ، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين :**

**بەرێزان و خۆشەویستان:**

**دوای ئەوەی هەندێك لە مامۆستایانی بەرێز و خۆشەویست پێشنیاریان کرد نامیلکەیەك بنووسم بەشێوەیەکی سادەو ئاسان لەبارەی حوکمە شەرعیەکانی ( حەیز و نیفاس و ئیستحازە ) ، وە هەمیشە ئافرەتان پرسیاریان زۆر دەکرد بە تایبەت لە مانگی رەمەزانی پیرۆز .**

**بە پشتیوانی خودا ئەو نامیلکەیەمم ئامادەکرد کە لەبەر دەستی ئێوەی بەرێزە ،کە پوختەو بەدواداچوونی زیاتر لە ٣٠ پەرتووکە ، بەشێوەیەکی ئاسان و پوخت زۆربەی حوکمە شەرعیەکان روون دەکەینەوە لە سەر مەزهەبی ئیمامی شافعی رەحمەتی خوای لێبێت بە بەراورد لەگەل رای زانایانی تریش تا رادەیەك بۆ سوودی زیاتر و ئاشنا بوون بە بابەتەکە ،ئومێدەوارم خوای گەورە بیکاتە مایەی سوود بەخشی و رێنمایی بۆ گشت موسلمانانی بەرێز بەتاییەت خوشکانی قەدرگران ،وە کەلەنێك لە پەرتوکخانەی کوردی پر بکاتەوە.**

**محمود محمد مجيد**

**وتارخوێنی مزگەوتی کۆمەلگای گەلالە**

**سۆران – هەولێر .**

# بەشی یەکەم

## أ-گرنگی زانینی حوکمەشەرعیەکانی حەیز و نیفاس .

١-خودا لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی (البقرة ) وە سورەتی (الطلاق ) باسی کردووە و کۆمەلێك حوکمی شەرعی پێوە بەند کردووە .

٢-زیاتر لە ١٠٠ سەد فەرموودەی پێغەمبەرمان ﷺ لەبابەتی (حەیز و نیفاس و ئیستحازە ) هاتووە.

٣-ئیمام نەوەوی رەحمەتی خودای لێبێت لە پەرتوکی (المجموع ج٢-لا ٣٨١ ) فەرموویەتی: هەروەك دیارو ئاشکرایە :بابەتی حەیز لەو بابەتانەیە زۆر دووبارە دەبتەوە ،وە کۆمەلێك حوکمی جیا جیای بێ ژماری پێوە بەندە لە : نوێژ و رۆژوو و قورئان خوێندن و ئیعتکاف و تەواف و تەلاق .....هتد ، بۆیە ٢٠٠ لاپەرەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە .

٤-هەروەها ئیمام حەرەمەین لە پەرتوکی خۆی (نیهایة المطلب ) کەشەرحی ( مختصر المزني ) نیو موجەلەدی گەورەی بۆ تەرخان کردووە . وە زۆرشتی تریش .

بەراستی لەم رۆژگارە زۆر لە پیاوان هیچ لە بارەی حوکمە شەرعیەکانی ئەم بابەتانە نازانن وە دەکەونە حەرام و تاوان ، وە ئافرەتانیش لە گەل ناشارەزاییان زۆریان شەرم دەکەن لە پرسیار کردن وە هەندێکیانیش بە سەرگەردانی و دوو دلی دەژی نازانێت پاکە بینوێژە ؟؟ بەرۆژوو بێت یان نا ؟؟ هەروەها کە حەیز وئیستحازە لێك جیاناکەنەوە .

**بەتایبەتیش لەم سەردەمە لە ولاتی ئێمەو زۆر لە ولاتان ئافرەت تەندروستی روخاوە ،لەبەر زۆری بەکارهێنانی دەرمانی جۆراو جۆری هۆرمۆنی ،وە خواردنی پر لە هۆرمۆن زۆر کێشە بۆ ئافرەت دروست بووە .**

**ب- پێناسەی حەیز :لە زمانی عەرەبی بەمانای لەبەر رۆیشتن دێت: ئەگەر بلێن ( حاض الوادي ) واتە دۆلەکە لافاوی کرد ئاوی لەبەر رۆیشت .**

**وە ١٠ وشە لە زمانی عەرەبی بە حەیز بەکار هاتووە : ( حيضٌ، وَطمث ، وَضَحِكٌ، وَإِكْبَارٌ وَإِعْصَارٌ، وَدِرَاسٌ، وَعِرَاكٌ ، وَفِرَاكٌ ، وَطَمْسٌ ، وَنِفَاسٌ ) .**

**تێبيني : لە هەندێك لە سەرچاوەکانی کۆن باسی ئەوەیان کردووە کە جگە لە ئافرەت ، لە ناو گیانلەبەرەکانی تریش لە شیردەرەکان ، گیان لەبەر هەیە دەکەوێتە حەیز وەك :( کەروێشك ،کەمتیار ،شەمشەمەکوێرە ) وە هەندێك باسی ئاژەلی زیاتریان کردووە وەك : ( سەگ ، و مانگا ، و ماین و ... ) ، ( تەماشای مغنی المحتاج ج١ ص ١٧٠ ) بکە .**

**بەلام راستیەکەی زانستی بایلۆجی سەردەم زۆربەی ئەم زانیاریانەی رەت کردۆتەوە چونکە حەیزی ئەوانە زۆربەیان نهێنیە لەناو مندالدان روودەدات،ئەگەرچی سەلماندوویەتی کە مەیمونی شەمبازی و گۆریلا حەیزی هەیە لە شیردەرەکان .**

## ب- پێناسەی حەیز لەلای زانایانی شەریعەت :

( ئەو خوێنەیە لە دامەنی ئافرەت دێتە دەر ( لە قولایی رەحمی ) لە کاتی تەندروستی ،بەبێ هۆی نەخۆشی یان مندال بوون ،لەکاتی زانراو ) تەماشای ( مغنی المحتاج ب ١ لا١٧٠ ) بکە وە ( اقناع ب ١ لا ٨٧ ) .

ئەم پێناسە لای زانایانی مەزهەبی شافعییە ، بۆیە باسی مەزهەبەکانی تر ناکەم چونکە پێناسەکانیان زۆر لەم پێناسە نزیکە هیچ جیاوازی نییە .

حەیز لە زانستی سەردەم :

بریتییە لە خوێن بەربونێکی سروشتی هۆرمۆنی مانگانە وە لە رۆژێك تا حەوت رۆژ بەردەوام دەبێت ،وە هەر بیست وهەشت رۆژ جارێك روو دەدات ،وە لەوانەشە ئەم ماوە کەمتر بێت و زیاتر بێت ، وە سەرچاوەی خوێنەکەش رەحمی ئافرەتە.

لێرەدا هیچ جیاوازی نییە لە نێوان شەرع و زانستی پزیشکی هەردووکیان هاوران .

سەرچاوەی سەرەکی حوکمەکانی حەیز قورئانی پیرۆزە : کە خودا فەرموویەتی :( وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ) البقرة ٢٢٢.

واتە :پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی حەیزداری ئافرەت ( کە ئایا دروستە پیاو جیماعیان لەگەل بکات ) تۆش بلێ :ئەوە ئازار و پیسیەکە،جا لەوکاتە لێیان دوورکەونەوە تا پاك دەبنە ( خوێن کۆتایی دێت ) و خۆیان دەشۆن ( غوسل دەکەن ) ئەوجا دروستە بچنە

لایان هەروەك خودا فەرمانی پێکردوونە ( لە ئەندامی زاوزێیان جیماعیان لەگەل بکەن ) وە بەراستی خودا تۆبەکارانی خۆش دەوێت وە پاك وخاوێنەکانی خۆش دەوێت ( ئەوانەی لە تارەت و غوسل و دەست نوێژ پابەندی شەرعن ).

هۆی هاتنە خوارەوە ی ئەم ئایەتە :ئەنەس دەگێرتەوە دەفەرمووێ: جولەکەکان لە مەدینە کە خێزانەکانیان دەکەوتە حەیز ،خواردنیان لەگەل نەدەخواردن و جێگای نوستنیشیان لەگەل جیا دەکردنەوە ،ئیمەش پرسیارمان لە پێغەمبەر کرد لەمبارەوە ؟ئەم ئایەتە دابەزی پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو شتێکتان بۆ حەلالە ( نان خواردن لەگەلیان ،نوستن ،دانیشتن ،دەستبازی ،و ماچ .. ) تەنها جیماع حەرامە .

وەسەبارەت بەحەیز پێغەمبەری ﷺ خودا فەرموویەتی :( إِنَّ هَذَا أَمْرٌ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَى بَنَاتِ آدَمَ ) رواه البخاري برقم ٢٩٤، ومسلم برقم ١٢١١ . بەراستی ئەوە شتێکە خوا بۆ کچانی ئادەمی داناوە . واتە : ( شتێکی سروشتی ئاسایی یە ).

## حوکمی فێر بوونی زانستی شەرعی سەبارەت بەحەیز

واجبە لەسەر پیاو و ئافرەتی موسلمانی بالغ بە تایبەت فێری ئەحکامەکانی حەیز بێت ، چونکە پەیوەندی بە نوێژ و رۆژوو و ئیعتیکاف و چوونە مزگەوت و قورئان خوێندن هەیە ،هەروەها ئەگەر خاوەن مێرد بیت لە بابەتی جیماع و عیدەی تەلاق و ... هتد .تەماشای ( مغنى المحتاج ج١ص١٨٦ ) بکە .

بۆیە ئەگەر باوك وبراو ، مێرد و کەسی نزیك فێری ئەو بابەتە شەرعیانەیان نەکرد ، یان ئەوانیش نەیان دەزانی ، واجبە لەسەری بچێت خۆی فێربکات وە نابێت کەس رێگری لێبکات ،بۆیە زانایان فتوایان داوە ئافرەت بێ رەزامەندی مێرد و کەس و کاری بۆی هەیە

بچێتە دەر لە ماڵ بۆ خوێندنی زانستی شەرعی ئەوەندەی پێویستی پێ هەیە لە فێربوونی واجباتی شەرعی .

## بچوکترین تەمەن کە ئافرەتی تێدا بکەوێتە (حەیز) بێنوێژی .

بێگومان لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر هیچ بەڵگەی روون و ئاشکرا نییە لە سەرەتای تەمەنی ئافرەت تێدا بکەوێتە بێنوێژی ،بۆیە زانایان ، پشتیان بە واقع و عادەت بەستاوە ، هەروەك لە زانستی (اصول الفقه) کە ( عورف و عادەت ) بە سەرچاوەیەکی شەرعی دانراوە بە مەرجەکانی کە لەوێ باسکراوە .

ئیمامی شافعی فەرموویەتی : خێراترینی ئافرەتانی بینیبم کە لە تەمەنی زوو دەکەونە بێنوێژی ئافرەتانی ناوچەی تیهامەیە (ناوچەکانی کەناری دەریای سور دەگرێتەوە ، وەك :شاری مەککە و جدە و سەنعای یەمەن ).

وە فەرموویەتی : ئافرەتێکی دراوسێمان هەبوو لە یەمەن لە شاری سەنعا ،تەمەنی ٢١ ساڵ بوو دا پیرە بوو (کچەکەشی مێردی کردبوو منداڵی هەبوو ، لەنۆساڵی مێردی کردبوو ، وە ساڵی یەکەم کچێکی بوو کچەکەشی لە تەمەنی دە ساڵی مێردی کرد و ساڵی یەکەم منداڵی بوو ). (مغنی المحتاج ج١ ص ١٧١ ) .

بۆیە زانایان لەم بارەوە رای جیاوازیان هەیە ،یەك را نین .

هەندێك لە زانایان تەمەنی حەوت ساڵیان داناوە ، وە هەندێك تەمەنی ١٢ ساڵیان داناوە .

بێنوێژی لە ئافرەت بە یەکێك لە نیشانەکانی بالغ بوون دادەنرێت بە ئیجماعی زانایان

،وە لە شوێنە گەرمەکان زووتر روو دەدات تا لە شوێنە ساردەکان ، وە هەندێ جا لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تا لە خێزانێك بۆ خێزانێکی تر جیاوازە ، بۆیە زۆربەی بالقی کچان لە ناوچە گەرمەکان لە نێوان ١٢ سالی و تا ١٥ سالی دەبی ، وە لە شوێنە ساردەکان لە نیوان ١٤ سالی و ١٦ سالی دەبێت .

بەلێ جا بۆچوونی بەهێز لە لایەن زانایانی ئیسلام نۆ سالی مانگی (القمری) کەمترین تەمەنە کە ئافرەت تێیدا بکەوێتە بێنوێژی ، وە سالی قەمەری (مانگی ) ٣٥٤ رۆژ و هەشت (٨ )سەعات و چل و هەشت (٤٨ )خولەکە .

. هەروەها فەرموودەی حەزرەتی عائیشە رەزای خوای لێبێت ،لەگەل ئەم رایە تێك دەکاتەوە کە فەرموویەتی : (إِذَا بَلَغَتِ الجَارِيَةُ تِسْعَ سِنِينَ فَهِيَ امْرَأَةٌ ) .("السنن الكبرى) "٢ / ٤٣٣ . واتە: هەرکاتێك کیژۆلە بووە نۆسالان بە ژن دادەنرێت .

ئەوەش رای ئیمامی شافعی و جمهوری زانایانە، بۆیە ئەگەر ئافرەت لە دوای نۆ سالی خوێنی دیت ئەوە ،بە حەیز دادەنرێت و دەبێت رێنمایی شەرعی بکرێت کە دوور کەوێتەوە لەوشتانەی کە لە ئافرەتی حەیزدار حەرامە وەك : نوێژ و رۆژوو و قورئان خوێندن....هتد .

بەلام لە تەمەنی کەمتر ئەگەر خوێنی بینی ئەوە بە نەزیفی و نەخۆشی دادەنرێت ، پێویستی بە سەردانی دکتۆری پسپۆرە .

تێبینی : هەندێك جار کچ تووشی کێشەی هۆرمۆنی دەبێت دایك و باوك بەر لە تەمەنی هەشت سالی پشکنینی هۆرمۆنی بۆ بکەن بە چاودێری دکتۆری پسپۆر تا تووشی بلوغی پێش وەختە نەبێت ،چونکە دوایی بەژنی زیاد ناکات و توشی کێشە کورتی بالا دەبێت .

## ماوەی حەیز ( بێنوێژی ).

### یەکەم : کەمترین ماوەی بێنوێژی :

زانایان رەحمەتی خودایان لێبێت رای جیاوازیان هەیە لە کەمترین ماوە کە ئافرەت تێیدا بێنوێژ بمێنتەوە :

أ-لای شافعیەکان و حەنبەلیەکان کەترین ماوەی حەیز :شەو و رۆژێکە ( بیست وچوار سەعات ) .

٢- لای حەنەفیەکان : سێ شەو و سێ رۆژە .

٣- لای مالیکیەکان : ساتە وەختێکە ( لەحزەیەکە ) .

ئێمە لەم نامیلکە پابەندی مەزهەبی شافعی دەبین کەبەلگەکانی بەهێزە ،وە رایە بە هێزەکانی ناو مەزهەب.

### دووەم : درێژترین ماوەی بەردەوامی حەیز :

١-لای شافعیەکان و حەنبەلیەکان و مالیکیەکان پازدە رۆژە .

٢-لای حەنەفیەکان : ١٠ رۆژە .

یەکەم رای جمهوری زانایان بەهێزترە وە لەگەل زانستی پزیشکی سەردەم یەك دەگرنەوە .وە ئەم ماوەش کە بە درێژترین ماوە دادەنرێت ، وە رێژەیەکی زۆرکەم لە ئافرەتان لەوانەیە وابن .

بەلام زۆربەی ئافرەتان شەش رۆژ یان حەوت رۆژ لە بێنوێژی ( حەیز ) دەمێننەوە .

## سیفەتەکانی خوێنی حەیز :

بە شێوەی گشتی رەنگی خوێنی حەیز ئەم رەنگانە یە : ( رەش ،سۆری تێر ، زەرد ،قاوەیی تاریك و قاوەیی ئال )، هەروەها بونی ناخۆشە وە سوتێنەرە ( برژانەوەی هەیە ) ئافرەت هەست بەئازار دەکات ،لێرەدا زانایان هاوران .

## ماوەی پاکی ئافرەت لە نێوان دوو حەیزدا :

سەبارەت بە درێژترین ماوە ی پاکی ئافرەت لە نێوان دوو حەیز دا ، زانایان بە شتێکی ئاساییان داناوە ،لەوانەیە بگاتە مانگ و زیاتر یان سالێك ، بەلام زۆربەی ئافرەتان ماوەی حەیز و پاکیان لە مانگێك تێپەر نابێت .

بەلام کەمترین ماوەی پاکی لە نێوان دوو حەیز :ئیمامی شافعی و جمهوری زانایان بە پازدە رۆژیان داناوە ، هەرچەند رای تر هەیە کە ١٣ رۆژ بێت ،بەلام رای جمهور بەهێزترە .

بەلگەی شافعی و جمهور ،لێکدانەوەو بەراوردێکی جوانیان کردووە لە نێوان ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەباسی عیدەی ئافرەتی تەلاقدراو ،ئەوانەی حەیز دەبینن بە سێ قورء ، وە ئەوانەی حەیزیان نییە بە سێ مانگ ،کەواتە :کەمترین ماوە کە حەیز وپاك بوونەوەی تێدا روودات یەك مانگە ،لەو مانگەش ئەگەر درێژترین ماوەی بێنوێژی وەربگرین ١٥ رۆژە کەواتە ،کورترین ماوەی پاکیش ١٥ رۆژە .

وە بە شێوەی گشتی ئافرەتان ٢٣ یان ٢٤ رۆژ پاکن وە ٦ یان ٧ رۆژ بێنوێژن .

## ئافرەت چۆن لە حەیز پاك دەبێتەوە ؟

ئایا پێویستە ئافرەت چاوەڕێ بکات ماوەی درێژترین ماوە کە دە رۆژە لای حەنەفیەکان ، وە پازدە رۆژە لای جمهور تا پاك ببێتەوە لە حەیز ؟؟

وەلام : نەخێر ئەوە درێژترین ماوەی بێنوێژیە ،وە ئەو ئافرەتانەی ئەو ماوە درێژە دەمێننەوە زۆر کەم و دەگمەنن ،بەلکو زۆربەی زۆری ئافرەتان ،بێنوێژیان ،٦یان ٧ یان ٨ رۆژە ،وە هەیە لە ئافرەتان ماوەکەی کەمترە ،٤ یان ٥رۆژ وە هەیە یەك رۆژە ،وەکو لەسەرەتا گوتمان کەمترین ماوە شەورۆژێکە ٢٤ سەعاتە .

بۆیە هەرکاتەك لەم ماوانە پاك بۆوە خوێنی بەیەکجاری راوەستا با خۆی بشوات نوێژی خۆی بکات .

## چۆن ئافرەت دلنیا بێ کە پاك بۆتەوە ؟؟؟

بە دوو نیشانە : وشکایی تەواو ، یان ( قَصة البیضاء ) ئاوی سپی ( ئاوێکی تەنکی سپی کەمێك لیچە ).

١-هەرکاتێك ئافرەت دیتی خوێن نابینێ ،کاتێك پارچە لۆکەیەکی خستە دامەنی بە خوێن نەبوو وشك بوو ئەوە نیشانەی یەکەمە ، ٢-هەرکاتێك ئاوێکی سپی بینی لە دوای راوەستانی خوێن ،ئەوە دووەم نیشانەی پاك بوونەوەیە .

تێبینی :ئەگەر ئافرەت لەولەبی بەکارهێنا ،دوای دەرهێنانی لەولەب عادەی گۆڕا بوو

بە ٨یان زیاتر ،ئەوە ئاساییە هەر بە حەیز دادەنرێت مادەم لە زۆرترین ماوەی حەیز تێنەپەڕێنی کە ١٥ رۆژە لەلای جمهور ،بەلام ئەگەر زیاتربوو ئەوە پشت بە عادەتی ئەسلی کۆنی خۆی دەبەستی وە رۆژە زیادەکان بە نەزیفی ( ئیستحازە ) دادەنرێت .

**حوکمی زەرداو و بۆراو ( الصفره والكدره ): ئاوێکی وەك کێم وایە خوێن نییە .**

لە رای بە هێز لە مەزهەبی شافعی بە حەیز دادەنرێت لە بەر ئەو حەدیسەی لە عائیشەخان هاتووە: (كُنَّ نِسَاءٌ يَبْعَثْنَ إِلَى عَائِشَةَ بِالدُّرَجَةِ فِيهَا الكُرْسُفُ فِيهِ الصُّفْرَةُ، فَتَقُولُ: «لاَ تَعْجَلْنَ حَتَّى تَرَيْنَ القَصَّةَ البَيْضَاءَ» تُرِيدُ بِذَلِكَ الطُّهْرَ مِنَ الحَيْضَةِ ) رواه البخاري تعليقاً باب إقبال المحيض وإدباره ، ومالك في الموطأ برقم ٩٧.

واتە :ئافرەتان پەرۆکیان دەنارد بۆلای حەزرەتی عائیشە کە لۆکەی تێدا بوو ، زەرداوی پێوەبوو ، بۆ ئەوەی بزانن بە گوێرەی ئەو رەنگەی بە لۆکەکەی وەیە ،ئەوان پاك بووتنەوە یان نا ،دەیفەرموو پەلە مەکەن ، تا لۆکەکەتان ئاوی سپی پێوە دەبێت .

دورجە پارچە پەرۆکێك بوو ،کورسوف لۆکەبوو لەناو ئەو پەرۆکە دادەنرا ئافرەتان لە کاتی بێنوێژی بەکاریان دەهێنا وەکو فوتەو داییی ئەو سەردەمە .

رای بەهێز ئەگەر زەرداو و بۆراو لەکاتی حەیز بوو ئەوە حەیزە ، بەلام لەکاتی حەیز نەبوو بە حەیز دانانرێت ،هەروەك لە فەرموودەی دایکی عەتییەی ئەنساری هاتووە :

عَنْ أمِّ عَطِيَّةَ رَضِيَ اللهُ عَنْـهَا قَالَتْ: كُنَّا لا نَعُدُّ الكُدْرَةَ وَالصُّفْرَةَ شَيْئاً. أخرجه البخاري٣٢٦

. واتە : ئێمە ئافرەتانی ئەسحابە زەرداو و بۆراو مان بە هیچ دانەدەنا ،واتە :( بەحەیز دانەدەنرا ) .

## تەمەنی نەمانی حەیز لای ئافرەت

لەبەر ئەوەی لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر بە ئاشکرا باسی ئەو تەمەنەیان نەکردووە کە ئافرەت لە حەیز بینین (بێنوێژی) دەوەستێت ،زانایان بە گوێرەی سەردەم و ژینگەی جیاو نەتەوە جیاوازەکان راو بۆچوونی جیاوازیان هەبووە .

لەقورئانی پیرۆز ئافرەت سێ بەشن : هێشتا حەیزی نەدیتووە لە بەر بچووکی ،لە حەیز وەستاوە هەروەك لەم ئایەتە باسی ئەم دوو جۆرەی کردووە : ( وَاللاَّئِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاَثَةُ أَشْهُرٍ وَاللاَّئِي لَمْ يَحِضْنَ ﴾ الطلاق: ٤ ،واتە :ئەو ئافرەتانەتان کە نائومێد بوونە لە حەیز ،ئەگەر گومانتان لێ هەبوون ئەوا عیدەیان سێ مانگە ،وە هەروەها ئەوانەی نەکەوتوونەتە حەیز .

وە سێیەمیان ئەوانەن کە حەیز دەبینن ،کەلە ئایەتی ٢٢٢ لەسورەتی ئەلبەقەرە باسکراوە لە پێشتر .

ئیستا کەواتە : بە گوێرەی فەرموودەی زانایان : ئەوانەی نەکەوتونەتە حەیز کەمتر لە نۆ سالن ،وە ئەوانەی حەیز دەبینن سەرووەی نۆ سالین ، ئەی ئەوانەی حەیزیان وەستاوە گەیشتوونە (سن الياس) تەمەنی نائومێدی چەندە ؟ وەکو گوتمان زانایان بۆچوون و رای جیاوازیان هەیە بەم چەشنەی خوارەوە :

١-حەنەفیەکان بەسەرووەی ٥٥ سالیان داناوە .

٢-فەرمودەی مەشهور لای شافعیەکان ٦٢سالیە . ومغنى المحتاج ٣/٣٨٧.كتاب العدة .

٣-لای مالکیەکان و هەندێ لە شافعیەکان لە ٧٠ سالییە . مواهب الجليل ٣٦٧/١

ئەمە بە کورتی ئەگەرنا قسەی زۆری لەسەرە وەکو گوتمان .

بەلام ئیبن قودامە لە موغنی (ج١ ص٢٦٣ ) فەرموویەتی : راستییەکەی ئافرەت لە دوای تەمەنی پەنجا سالی ئەگەر بێنویژی راوەستا ، ئەوە تەمەنی نا ئومێدییە ، چونکە لە دوای ئەو تەمەنە ئەگەری کەوتنە حەیز زۆر دەگمەنە .

بەلام ئیمامی مالك و ئیمامی شافعی و ئیبن تیمیە و ئیبن حەزم ،کۆتایی هاتنی حەیزیان بە تەمەن پەیوەست نەکردووە بەلکو بە بوون و روودانی (حەیز ). المحلى لابن حزم ٤٠٤/١.

لەزانستی پزیشکی راستە لە ئافرەتێك بۆ ئافرەتێك جیاوازە هەروەها بە رەگەز و ژینگەش دەگورێت بەلام بەشێوەی گشتی لە تەمەنی ٤٥ سالی دەست پێدەکات وە لە تەمەنی ٥٥ سالی کۆتاییە .

پرسیار : ئەو خوێنەی ئافرەتی سکپر (حامل ) دەیبینێت ئایا حەیزە یان ئیستیحازەیە ؟

وەلام : لای شافعیەکان و مالیکیەکان بە حەیز دادەنرێت ، (مغنى المحتاج ج١ص ٨٣ ) ،وە بەلای حەنەفیەکان و حەنبەلیەکان بە نەزیفی دادەنرێت نەك حەیز .

وە زانستی پزیشکی زیاتر لەگەل رای دووەمە ،کە ئەو خوێنەی ئافرەتی سکپر دەیبینی ئیستیحازەیە چونکە زۆربەی جار دەبێتە سەرەتای لەبارچوون ،بەلام لە لایەنی پزیشکی لەسەر بۆچونی هەندێك لە پزیشکان ئەگەری ئەوە هەیە ئافرەتی سکپر حەیز ببینی بەتایبەت ئەگەر دەستپێکی حەملەکەی بە ماوەیەکی کەم بەر لەکەوتنی بە حەیز دەستی

پێکرد لەوانەیە دووبارەش ببتەوە .

بۆیە ئافرەتی حامل ئەگەر لە کاتی سکپری خوێنی دیت ،ئەگەر خوێنەکە هەمان سیفەتەکانی خوێنی حەیزی هەبوو ئەوە بە حەیز دادەنرێت ،ئەگەرنا بە نەزیفی و ئیستیحازە دادەنرێت .

## بەکارهێنانی دەرمان بۆ راگرتنی حەیز

**ئایا دروستە ئافرەت لە سەفەری حەج یان لە مانگی رەمەزان دەرمان و حەب بەکار بێنیت تا نەکەویتە حەیز ؟**

وەلام :سەرەتا بەکارهێنانی دەرمان بە بێ راوێژی پزیشکی پسپۆر نابێت ،چونکە دەرمانەکان زۆرجار زیانی گەورە دەدەن لە بەکارهێنەرانی ،بەتایبەتی حەبەکانی منع الحمل بۆ هەندێ ئافرەتان ترسناکە بە تایبەت ئەوانەی نەخۆشی جگەریان هەیە ،وە هەندێك جار دەبێتە هۆی نەزۆکی.

بەهەر حال زانایان فەتوایان داوە بە دروستی بەمەرجێك زیانی نەبێت لەسەر تەندروستی ئافرەتەکە ،بەلام بەکار نەهێنانی باشترە .

## پوختەی بابەتەکە :

١-هەرکاتێك ئافرەت لە دوای تەمەنی دەبێت بە نۆ سالی مانگی ،ئەگەری بالغ بوونی هەیە بە بینینی خوێنی حەیز ،بەلام لەو تەمەنە بچوکتر ئەگەر خوێنی بینی ئەوە نەزیفی و نەخۆشی یە ( ئیستیحازەیە ) لای جمهوری زانایان .

٢-کەمترین ماوە بۆ حەیز ٢٤ کاتژمێرە ( شەو و رۆژێك ) وە زۆربەی ئافرەتان ٦رۆژ یان ٧ رۆژ دەکەونە حەیز ،وە هەندێك ئافرەت لەوانەیە تا ١٥ رۆژ بکەونە حەیز .

٣-کەمترین پاکی لە نێوان دوو حەیز ١٥ رۆژە ،وە زۆریەکەی سنوری نییە ،بەلام زۆربەی زۆری ئافرەتان،٢٣ یان ٢٤ رۆژ پاکی دەبینن ،ئەوەی حەیزی ٦رۆژە ٢٤ رۆژ پاکە ،ئەوەی حەیزی حەوت ٧ رۆژە ٢٣ رۆژ پاکە ،وە چەند رۆژێکی کەم جار وەیە زیاد و کەم دەبێت .

٤-خوێنی حەیز بە چەند سیفەت ورەنگێك دەناسرێت ( رەشە ،سوری تێر ،گەرم و بەئازار ،بۆنی ناخۆش ،وە خەستە ).

٥- پاك بوونەوەی ئافرەت لە حەیز بە دوو رێگە دەزانرێت ،وشك بوون وپچرانی خوێن ،ئەوەش ئەگەر پارچە پەمۆیەك بخاتە دامەنی کە دەریدێنی هیچ پاشماوەی خوێنی پێوە نابێت ،یان بە بینینی ئاوی سپی تەنك وخەفیف لە دوای خوێن وەستان کە لە پەرتوکەکان بە ( القَصة البيضاء ) هاتووە .

٦-زەرداو بينين لەرۆژانی کۆتایی حەیز بە حەیز دادەنرێت ،بەلام لە رۆژانی تر ئەوە بە حەیز دانانرێت و تەنها بێنوێژە وەك میز ،وە دەبێت ئافرەت پابەندی نوێژ و رۆژووی

خۆی بێت .

٧- پاك و پیسی پچر پچر لە نێوان ماوەی شەو ورۆژێك تا ١٥ رۆژ ئەوە بە حەیز دادەنرێت ،بەلام کەمتر لە شەو و رۆژێك ،وە زیاتر لە ١٥ رۆژ بە ئیستیحازە دادەنرێت . بۆ نموونە : ئافرەتێك بەم چەشنە خوێنی دیت .(رۆژی یەکەم ٣ سەعات رۆژی سێیەم ٥ سەعات رۆژی چوارەم ٤ سەعات رۆژی پێنجەم ٤سەعات وە رۆژی حوتەم ٤ سەعات وە رۆژی هەشتەم ٣ سەعات رۆژی دەیەم ٢ سەعات رۆژی ١١ پاك بۆوە بەتەواوی .ئایا حوکمی ئەم خوێنە چی یە ؟ دەلێین ماوەکە لە پازدە رۆژکەمترە با بزانین کۆی سەعاتەکان چەندە ؟ ٣+٥+٤+٤+٤+٣+٢=٢٥ سەعات کەواتە حەیزە .

نموونە: ئافرەتێك ١٧ رۆژ خوێنی بینی حوکمی ئەم خوێنە چی یە ؟ وەلام –رۆژی ١٦و١٧ بە یەقین ئیستیحازەیە چونکە درێژترین ماوەی حەیز ١٥ رۆژە ،وە پاشان بیردەکاتەوە لەماوەی ئەو ١٥ رۆژە ،خوێنە بەهێزەکان (رەش و خەست و بە ئازارەکان )بەحەیز دادەنێت ،وە خوێنە لاوازەکانیش (سوور و بیٚ بۆن و ئازار ) بە ئیستیحازە دادەنێت.

# بەشى دووەم زەيسانى – نيفاس

نيفاس ئەو خوێنەيە لە رەحمى ئافرەت دێتە دەر دواى مندال بوون ،ئەوەش بە ئيجماعى زانايان هەروەك ئيمام نەوەوى لە پەرتوكى(المجموع ج ٢ ص٥٢٠ ) و ئيبن حەزم لە پەرتوكى مراتب الاجماع ص ٢٣ ئاماژەيان پێكردووە ..

كەمترين ماوەى نيفاس (چركەساتێكە) لەحزەيەكە ، وە زۆربەى ئافرەتان ٤٠ چل رۆژ لە نيفاس دەمێننەوە هەروەك لەم فەرموودە هاتووە : لە دايكى سەلەمە دەفەرمووێ : أُمِّ سَلَمَةَ، قَالَتْ: (كَانَتْ النُّفَسَاءُ تَجْلِسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ أَرْبَعِينَ يَوْمًا ) حسن: رواه أبو داود برقم ٣١٢، والترمذي برقم ١٣٩، و أحمد برقم ٢٦٥٨٤ وغيرهم ، وحسنه الألباني فى الإرواء برقم ٢٠١. ئەوەش راى زۆربەى زانايانە وەك ئيمام نەوەوى لە پەرتوكى مجموع نەقلى كردووە (المجموع ج ٢ ص٥٢٤ ) . وە ئيمام ترمزي ئيجماعى هاوەلانى پێغەمبەرى ﷺ لەبارەيەوە نەقل كردووە :(سنن الترمذي ج١ ص ٢٥٨ )،

،وە ئافرەت هەيە ٦٠ شەست رۆژ لە نيفاس دەمێنێتەوە بەلام زۆر كەم و دەگمەنن ،كە ئەمەش درێژترين ماوەى نيفاسە،ئەوەش بۆ عورف و عادەت دەگەرێتەوە .

ئاگادارى :

١-ئاساييە ئافرەت پێش چل رۆژ پاك بێتەوە ،هەركاتێك زانى پاك بۆتەوە ،بەو دوو نيشانەى لە پاك بوونەوەى حەيز باسمان كرد ،ئەوە خۆى بشوات و نوێژ و رۆژووى ئە نجام بدات و لەگەل مێردى جيماع بكات دروستە .

٢-ئەگەر ئافرەت زياتر لە ٦٠ شەست رۆژ خوێنى بينى ،ئەوە لە دواى شەست رۆژەكە بە ئيستيحازە دادەنرێت ،وە دەبێت بزانى ئەو ماوەى خوێنەكەى بەهێزبووە نيفاسى

راستەقینە بووە ،وە ئەو ماوەیەی خوێنەکەی لاوازبووە هەمووی بە ئیستحازە دادەنرێت .

٣-ئەگەر ئافرەت لە نیفاس ١٥ رۆژی تەواو پاکی دیت پاشان خوێنی دیتەوە ،ئەوە خوێنی دووەم بە حەیز دادەنرێت .

٤-ئەگەر ئافرەت لە نیفاس بوو ،پاشان هەستی بە پاکی کرد خوێنی راوەستا ،ئەوە خۆی دەشوات و واجباتی خۆی دەکات ،بەلام ئەگەر دیسان خوێن هاتەوە ،وەماوەی پاکیەکەی کەمتر بوو لە ١٥ رۆژ ئەوە دیسان نیفاسە ،وە ئەو ماوەی عیباداتی کردووە بەتال بووە ،چونکە پاك بونەوەکەی راستەقینە نەبووە ،بەلام گوناهبار نابێت ،بۆیە ئەو رۆژیانەی لەو پاکیە گرتوویەتی قەزادەکاتەوە.

بۆ نموونە :ئافرەتێك مندالی بوو پاشان بیست رۆژ خوێنی بینی ،خوێنەکە راوەستا ماوەی ١٣ رۆژ ،لەرۆژی ١٤ وە خوێنەکە گەراوە ،چی بکات ؟؟ وەلام : ماوەی ١٣ رۆژەکە خۆی دەشوات و نوێژ و رۆژووی خۆی ئە نجام دەدات و دروستە جیماع لەگەل مێردی بکات چونکە نازانێت چ رۆژێك خوێن دەگەرێتەوە ،بەلام چونکە پاك بوونەوەکە لە ١٥ رۆژ کەمتربوو ،بە پاك بوونەوەی راستەقینە دانانرێت ،بۆیە نوێژ و رۆژووەکانی بەتالن دەبێت رۆژووەکان قەزابکاتەوە هیچ گوناهی نییە ،خوێنی دووەم جار تەواوکەری نیفاسیتی .

٥-وەك یاسایەك هەموو کات بزانە : پاك بوونەوەی راستەقینە لە نێوان حەیز و حەیز پازدە رۆژە ،بەهەمان شێوە پاك بوونەوەی راستەقینە لە نیفاسیش دەبێت پازدە رۆژی تەواو بێت ،جا هەرکاتێك ئافرەتی زەیسان کەمتر لە ١٥ رۆژ پاك بۆوە دووبارە خوێنی دیتەوە ئەوە مانای ئەوەیە هێشتا لە زەیسانی کۆتایی نەهاتووە ،بەلام ئەگەر پاك بوونەوەکە پازدە ١٥ رۆژ و زیاتربوو ئەوە لە زەیسانی پاك بۆتەوە خوێنی دوای پاك

بوونەوەکەی حەیزە .

٦- ئەگەر ئافرەت بە نەشتەرگەری مندالی بوو ،ئەوە غوسلی لەسەر واجب دەبیت ، وە ئەو خوێنەی دەیبینی بە نیفاس دادەنرێت .

## سەرەتای دەستپێکردنی نیفاس

بێگومان نیفاسی راستەقینە لە مندال بوونەوە دەست پێ دەکات ،لە ساتی مندال بوونەوە ماوەکە حیساب دەکرێت .

پرسیار: زۆربەی جار ئافرەت رۆژێك یان دوو رۆژ بەر لە مندال بوون خوێن دەبینی ئایا بە نیفاس دادەنرێت ؟

وەلام :ئەوە ئاوە زانایان دوورایان هەیە ،لای حەنەفیەکان و زۆربەی شافعیەکان بە ئیستیحازە دادەنرێت،بۆیە دەبێت نوێژەکانی بکات وە بۆ هەرنوێژێك دەستنوێژ بشوات و نوێژەکی بکات ،وە ئەگەر نوێژەکانی فەوتا دەیانگێرێتەوە .

وە بەلای مالیکیەکان و هەندێك لە شافعیەکان بە حەیز دادەنرێت ،وە بەلای حەنبەلیەکان لە ماوەی ٣ سێ رۆژ و کەمتر پێش مندال بوون بە نیفاس دادەنرێت ،بەلام ماوەی نیفاس هەر لە جیابوونەوەی مندال لە دایکی حیساب دەکرێت .

لێرەدا بۆچوونی شافعیەکان و حەنەفیەکان بەهێزترە پێویستە ئافرەت پێیەوە پابەند بێت واللە اعلم .

## مندال لەبەرچوون و خوێن دیتن

**ئایا ئەو خوێنەی ئافرەت دوای مندال لەبەرچوون بە چی دادەنرێت ؟**

**وەلام :ئەگەر منداڵە لەبارچووەکە دروست بوونی مرۆڤی پێوە دیار بوو ( دەست و قاچ و سەر ) ئەوە ئەو خوێنە بە نیفاس ( زەیسانی ) دادەنرێت ،بەلام ئەگەر نیشانەی مرۆڤی دروست بووی پێوە دیار نەبوو لە ئەندامەکانی ( دەست و قاچ و سەر ) ئەوە ئەو خوێنە بە نەزیفی و ئیستیحازە دادەنرێت .**

## ئەو شتانەی لە ئافرەت حەرام دەبێت لە کاتی حەیز و نیفاس :

**بەئیجماعی زانایان حوکمەکانی خوێنی نیفاس وەکو حەیزە وە هیچ جیاوازیان نییە ،چونکە لەبنەرەتدا خوێنی حەیز بووە کۆبۆتەوە بە هۆی سك پری ( حەمل )**. نیل الأوطار للشوكانى ١/٣٥٣ ، والفقه المنهجى ١/٨٢ ،مغني المحتاج ج١ ص١٨٦ .

**وە بەهۆی حەیز ونیفاس هەشت شت لە ئافرەت حەرام دەبێت :**

**١-نوێژ کردن ،٢-بە رۆژوو بوون : دروست نیە ئافرەت لە کاتی حەیز و نیفاس نوێژ بکات یان بە رۆژوو بێت بە ئیجماعی زانایان حەرامە** « أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ، وَلَمْ تَصُمْ؟ قُلْنَ: بَلَى، قَالَ: فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا » متفق عليه: رواه البخارى برقم ٣٠٤، ومسلم برقم ٨٠ . **واتە :ئەوە نییە ئەگەر ئافرەت کەوتە بێنوێژی ،نە نوێژ دەکات و نە بە رۆژوو دەبێت ،ئەوەش کەم و کوری لە دینداریەتی .**

**وە پاشان رۆژووەکان قەزا دەکاتەوە بەلام نوێژەکان ناکاتەوە ، هەروەك حەزرەتی عائیشە فەرموویەتی :**

« كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ، فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ، وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ » صحيح: رواه مسلم برقم ٣٣٥، وأبو داود برقم ٢٦٣، **حەیزمان تووش دەهات ، پاشان ئەمرمان پێدەکرا رۆژووەکان بگرینەوە (بگێرینەوە ،قەزا بکەینەوە) ،بەلام فەرمانمان پێنەدەکرا بە قەزای نوێژەکان .**

**ئاگاداریەکی گرنگ :بەلای جمهوری زانایانی هەر چوار مەزهەب .**

**١-ئەگەر ئافرەت لەکاتی نوێژی عەسر پاك بۆوە ،دەبێت نوێژی نیوەرۆش قەزابکاتەوە ،وە ئەگەر لە نوێژی عیشا پاك بۆوە دەبێت نوێژی مەغریب قەزا بکاتەوە ،چونکە کاتیان هاوبەشە (موشتەرەکە ) .**

**٢-ئەگەر کاتی نوێژێك هاتبوو کە ئەو کەوتە حەیز دەبێت دوای پاك بوونەوە ئەو نوێژە قەزا بکاتەوە ،بۆ نموونە : سەعات یەکی نیوەرۆ ئافرەتێك کەوتە حەیز بەلام نوێژی نیوەرۆی نەکردبوو ،ئەوە دوای پاك بوونەوە ئەو نوێژە قەزا دەکاتەوە ،چونکە عیبادەتێکە بە بوونی نوێژ کەوتۆتە ئەستۆی. هەرچەند لەم خالە رای جیاواز هەیە ،بەلام ئەوەیان بەهێزترە.**

**٣- وە تەواف کردن: حەرامە بۆ ئافرەت لە کاتی حەیز و نیفاس تەواف بکات لە دەوری کەعبە تا پاك دەبێتەوە و خۆی دەشوات و دەستنوێژ دەشوات ،چونکە تەواف نوێژە ،هەروەك عائیشە بۆمان دەگێرێتەوە** : قَدِمْتُ مَكَّةَ وَأَنَا حَائِضٌ، وَلَمْ أَطُفْ بِالْبَيْتِ وَلاَ بَيْنَ الصَّفَا وَالمَرْوَةِ قَالَتْ: فَشَكَوْتُ ذَلِكَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: « افْعَلِي كَمَا يَفْعَلُ الحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لاَ تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي » متفق عليه: رواه البخاري برقم ١٦٥٠ واللفظ له ، ومسلم برقم ١٢١١ . **کە گەیشتمە مەککە من لە حەیزدا بووم ،نەتەوافم کرد نە سەفاو**

مەروە ،بۆیە چومە لای پێغەمبەری ﷺ خودا گلەییم لە حالی خۆم کرد ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :هەرچی حاجی دەیکەن لە کارەکانی حەج هەمووی بکە تەنها تەواف مەکە تا پاك ئەبیتەوە .

٤- وە جیماع کردن: لەکاتی بێنوێژی و زەیسانی حەرامە ،بە ئیجماعی زانایان (مراتب الاجماع ص ٦٩ )،

هەروەك خودا لە قورئانی پیرۆز فەرموویەتی :

(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُل هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ﴾ البقرة : ٢٢٢.

واتە :پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی حەیزداری ئافرەت (کە ئایا دروستە پیاو جیماعیان لەگەڵ بکات ) تۆش بڵێ :ئەوە ئازار و پیسیەکە،جا لەوکاتە لێیان دوورکەونەوە تا پاك دەبنە (خوێن کۆتایی دێت ) و خۆیان دەشۆن (غوسل دەکەن ) ئەوجا دروستە لە ئەندامی زاوزێیان جیماعیان لەگەڵ بکەن .

وشەی (المحیض ) کە دوو جار لە ئایەتەکە هاتووە مانای چی یە ؟

وشەی یەکەم :(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُل هُوَ أَذًى) .ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی : بە ئیجماعی زانایان مەبەستی پێ خوێنی حەیزە (المجموع ١ص٣٤١ ).

وە وشەی دووەم : (فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ ) . زانایان هەندێکیان فەرموویانە :ئاوەلفرمانی شوێنە مەبەستی (دامەنی ئافرەتە ) چونکە سەرچاوەی خوێنەکەیە ،وە هەندێکیان فەرموویانە :ئاوەلفرمانی کاتە مەبەستی (ماوەی خوێن هاتنی حەیزە ) وە هەندێك فەرموویانە :مەبەستی خوێنی حەیزە وەکو یەکەم . (تەفسیری قورتوبی ).

بەلام هەموویان راستن چونکە خوێنەکە پیسە بە بۆنە وە بەئازارە ،وە ماوەی بەردەوامی خوێنەکە کۆمەلێك شت حەرامە ،وە شوێنی خوێنەکەش کە دامەنی ئافرەتە تا خوێن نەوەستی حەرامە بۆ پیاو .

وە بە بەلگەی قورئان و فەرموودە و ئیجماعی زانایان غوسل کردن بۆ ئافرەتی حەیزدار دوای پاك بوونەوەی لە خوێنی حەیز واجبە ( المجموع للنووی ج٢ ص ١٤٨ ) .

وە پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی : (اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا النِّكَاحَ ) صحيح: رواه مسلم برقم ٣٠٢.

واتە :لەگەل ئافرەتی حەیزدار هەمووشت بکەن (ماچ کردن و نوستن و دەست گەمە ) تەنها جیماع نەبێت .

**ئاگاداری :** ئەگەر ئافرەت لە حەیز پاك بۆوە ،لای جمهوری زانایان (شافعی ومالکی و حەنبەلی ) دروست نیە مێردی جیماعی لەگەل بکات ،تا غوسل دەکات ،بەلام لای حەنەفیەکان دروستە ،بەلام رای جمهور بە هێزترە.

٥- **چێژ وەرگرتن لە نێوان چۆك و ناوکی ئافرەت**:لەو مەسەلە زانایان دوورایان هەیە :

ا- بەلای جمهوری زانایان (حەنەفیەکان و مالیکیەکان و شافعیەکان ) ،ئەگەر ئافرەت لە حەیز دابوو یان زەیسان بوو ،

دروست نییە بەرووتی چێژ لە جەستەی ئافرەت لە نێوان (ناوك و ئەژنۆ ) وەرگریت ، چونکە نەوەك لە ئە نجامی هەلچوونی

ئارەزوو تووشی جیماع کردن بێت (ئیحتایەت بۆ نەکەوتنە حەرام ). وە بەلگەشیان فەرموودەی حەزرەتی عائیشەیە :

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: كَانَتْ إِحْدَانَا إِذَا كَانَتْ حَائِضاً، فَأَرَادَ رَسُولُ اللهِ ﷺ أَنْ

**يُبَاشِرَهَا، أمَرَهَا أنْ تَتَّزِرَ فِي فَوْرِ حَيْضَتِهَا، ثُمَّ يُبَاشِرُهَا. قَالَتْ: وَأيُّكُمْ يَمْلِكُ إرْبَهُ، كَمَا كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَمْلِكُ إرْبَهُ. أخرجه البخاري برقم (٣٠٢)، واللفظ له، ومسلم برقم (٢٩٣).**

**واتە:کاتێ یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ لە حەیز دادەبوو ،وە پێغەمبەر ﷺ دەیویست لەگەڵی سەرجێی بکات ،فەرمانی پێدەکرد دەرپێ لە پێبکات لەگەرمەی حەیزەکەی ،ئەوجا لەگەڵی رایدەبوارد ،بەلام کێ لەئێوە خۆی پێدەگیرێ وەکو پێغەمبەری خودا نەفسی خۆی رادەگرت (واتە ئارەزووی سیکس و جیماع هەلەی پێنەکات ).**

**ب-بەلای حەنبەلیەکان تەنها دامەنی ئافرەت (ئامرازی زاوزێ ) حەرامە ،وەئیمامی نەوەویش ئەم رایەی هەلبژاردووە ، ئەوانیش هەر فەرموودەکانی عائیشەیان بەلگەیە : عَنْ بَعْضِ أزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ، (أنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إذَا أرَادَ مِنَ الْحَائِضِ شَيْئًا ألْقَى عَلَى فَرْجِهَا ثَوْبًا ) صحيح: رواه أبو داود برقم ٢٧٢، والبيهقى فى الكبرى برقم ١٥٠٦.واتە: لەهەندێ خێزانەکانی پێغەمبەرەوە ،ئەگەر پێغەمبەر ،شتێکی بویستبایە لە خێزانێکی لەکاتی حەیزداری شتێکی ( پەرۆك ودەرپێ) دەخستە سەر دامەنی .**

**هەروەها مەسروق دەگێڕێتەوە دەلێ بە حەزرەتی عائیشەم گوت بەشەرمەوە :( مَا لِلرَّجُلِ مِنَ امْرَأتِهِ وَهِيَ حَائِضٌ؟ قَالَتْ لَهُ: كُلُّ شَيْءٍ إلَّا فَرْجَهَا ): واتە :پیاو چی بۆ حەلالە لە ژنەکەی کاتێك لە حەیزدایە ؟ عائیشە فەرمووی :من دایکتم ،هەموو شتێکی تەنها دامەنی .بروانە تەفسیری تەبەری ج٤ص٣٧٨ تحقيق احمد شاكر وە بە سەحیحی داناوە .**

## تاوان و سزای ئەوکەسەی لە کاتی حەیز جیماع لەگەل خێزانەکەی دەکات :

**بە ئیجماعی زانایان ئەگەر ئەنقەست وا بکات و پێی حەلال بیت ئەوە کافر دەبیت ،بەلام**

**ئەگەر پێی حەلال نەبيت ئەوە گوناهێكی گەورەی كردووە واجبە تۆبە بكات و پەشيمان ببتەوە ، كە ئەوەش رای ئيمام مالك و ئيمام حەنەف و ئيمامی شافعی يە ،بەلام بەلای ئيمام ئەحمەد لەگەل تۆبە كردن دەبێت ،كەفارەتيش بدات ئەگەر جيماعە لە رۆژانی سەرەتای حەيزەكە بوو دينارێكی زێرە دەيداتە هەژران ،وە ئەگەر لە رۆژانی كۆتايی بوو نيو دينارە ،وە رای ئيبن عەباسە وەكو لە سنن ابو داوود و سنن النسائی هاتووە ، پێويستە پابەندی بين .**

**وە نرخی ديناری زێری شەرعی كە لە حەديسەكان هاتووە بە نرخی ئەمرۆ دەكاتە قيمەتی :( ٤,٢٥ ) چوار گرام وچارەكەگرامێك ئالتون ( زێر ).**

**٦- خوێندنەوەی قورئان : لای جهوری زانيانی ئيسلام خوێندنی قورئان بۆ ئافرەتی حەيز دارو زەيسان حەرامە ،بە قياس لەسەر كەسی لەش پيس چونكە كەسی لەش پيس و ئافرەتی حەيزدار و زەيسان غوسليان لە سەر واجبە ، بەلام تەماشاكردنی و گوێگرتن لە قورئان و خوێندنەوەی لە دلی خۆت بیٚ جولاندنی زمان دروستە .**

**وە تەنها ئەم ئايەتانەی بۆ دروستە وەك :(بسم الله الرحمن الرحيم ) وە گوتنی ( انا لله وانا اليه راجعون ) لەكاتی موسيبەت و مردن وە گوتنی ( {ربنا آتنا في الدنيا حسنةً وفي الآخرة حسنةً وقنا عذاب النار} ،بەلام بەنيەتی زيكر كردن نەك بە نيەتی قورئان خوێندن .**

**بەلام جگە لە قورئان بۆيان دروستە هەموو زكرەكان بكەن وەك ( استغفار ،تەسبيحات ،زكری بەيانيان و ئێواران ...هتد ) بە ئيجماعی زانايان . (كتاب الاذكار للنووی ص ١٢ ).**

**بەلام هەندیٚ لە زانايان رێگايان داوە بە ئافرەت بە تايبەت ئەگەر قوتاب قورئان**

**بێت یان مامۆستای فێکردنی قورئان بۆی دروستە بەقەدەر پێویستی دەرسەکەی قورئان بخوێنێ ،کە ئەمەش مەزهەبی ئیمام مالیکە وە زۆرێك لە حەنبەلیەکان و شەوکانیش ئەم بۆچوونەی تەرجیح کردووە ، وە ئەو حەدیسەش : لا تقرأ الحائض ولا الجنب شيئاً من القرآن " رواه الترمذي (١٣١) وابن ماجه (٥٩٥) والدارقطني (١١٧/١) والبيهقي ٨٩/١) . زۆربەی زانایان بە لاوازیان داناوە و کاریان پێنەکردووە .**

**٧- دەست دان لە قورئان و هەلگرتنی : فەرموودەی بە هێز لای زانایان حەرامە بۆ کەسی بێ دەست نوێژ و لەش پیس و ئافرەتی حەیز دار و زەیسان دەست لە قورئان بدات ، بەلکو دەبێت بە قەلەمێك یان دارێك لاپەرەکان وەربگێری ،بەلگەشیان ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزە :** ( لا يمسه إلا المطهرون) **واتە : دەست لە قورئان نەدات تەنها کەسە پاکەکان واتە : (بەدەسنوێژەکان ، چونکە وشەی (مطهر ) موبالەغەیە لە پاکی ،واتە :پاك بێت لە جەنابەت و حەیز و نیفاس وە دەستنوێژیشی هەبێت .**

**هەروەها لە نامەی پێغەمبەری ﷺ خودا بۆ خەلکی یەمەن نوسیبووی :** (ألا يمس القرآن إلا طاهر ) رواه مالك ١٩٩/١ والنسائي ٥٧/٨ وابن حبان ٧٩٣ والبيهقي ٨٧/١ **. واتە : با دەست نەگەینێتە قورئان تەنها کەسی پاك ، وە وشەی پاك جمهوری زانایان بە دەسنوێژیان داناوە بە تایبەت ( هەرچوار مەزهەب ) ،**

**بەلام خوێندنەوە لە مۆبایل و کۆمپیوتەر بەبێ دەست نوێژ دروستە با لەناو دەستیشت بیت چونکە بە قورئان دانانرێت والله اعلم .**

**٨-وە چونە ناو مزگەوت :بە یەك دەنگی هەرچوارر مەزهەبە حەرامە کەسی لەش پیس و ئافرەتی حەیزدارو زەیسان لە مزگەوت بمێننەوە ، بەلگەشیان قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرە .**

أ-قال تعالى :(( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّى تَغْتَسِلُوا ))النساء: ٤٣. واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە نزیکی شوێنی نوێژ نەکەون کە (مزگەوتە) کاتێك سەرخۆشن تا بەهۆش دێنەوە و دەزانن چی دەڵێن و هۆشیارن ،وە ئەوانەی لەش پیسن جەنابەتیان لەسەرە تا خۆیان دەشۆن تەنها مەگەر بە مزگەوت تێپەربوون ئەوا قەیناکە ،(ئافرەتی حەیزدار و زەیسانیش غوسلیان لەسەر واجبە وەك کەسی جەنابەتی (لەش پیس) لەسەر بێت ).

ب- عن أمِّ عطيَّةَ رَضِيَ اللهُ عنها، قالت: (أُمِرْنا أن نُخرِجَ الحُيَّضَ يومَ العيدينِ وذواتَ الخُدورِ" فيشهدْنَ جماعةَ المُسلمين ودَعْوتَهم، ويعتَزِلُ الحُيَّضُ عن مُصلَّاهنَّ، الحديث ......) رواه البخاري ٣٥١ و مسلم ٨٩٠ .

لە دایکی عەتییەی ئەنساری ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی : پێغەمبەر ﷺ ئەمری پێکردین لە هەردوو ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان ،ئافرەتانی حەیزدارو کچە گە نجەکان بێنە دەرەوە لەماڵ وە بەشداری مەراسیمی جەژن بکەن لە دوعاو زکر ،بەلام حەیزدارەکان لە شوێنی نوێژ دوور دەکەوتنەوە .

لەگەل ئەوەش کە نوێژی جەژن لە دەرەوەی مزگەوت دەکرا لە گۆرەپانەکی شاری مەدینە .

بەلام لە تێپەرین بەناو مزگەوت بە بێ مانەوە زانایان زۆربەیان ڕێگەیان داوە بەمەرجێ ئافرەتەکە فوتەو داییی یان دامەنی خۆی بەستابێت دلنیا بێت مزگەوت پیس ناکات بە خوێن .(المجموع للنووی ج٢ ص ١٦٢ .

**تەلاقدانی ئافرەت : حەرامە لەسەر پیاو لەکاتی خێزانەکەی لە حەیز دایە تەلاقی بدات ،گوناهبار دەبیت چونکە پێچەوانەی رێنمایی و فەرمانەکانی خودایە لە سورەتی ( تەلاق ).وە ئەو تەلاقە بە تەلاقی بیدعی دادەنرێت .**

**وە لەهەرچوارمەزهەب وەبەلای زۆربەی زانایان تەلاقەکە دەکەوێت و پیاوەکە گوناهبارە ،وە بەلگەشیان فەرموودەی پێغەمبەرە کاتێك عەبدوللای کوری عومەر خێزانی خۆی تەلاق دابوو لە حەیز ،فەرمووی: بە عومەر بە رەجعەت بە خێزانەکەی بکات .**

**وە هەندێك لە زانایان تەلاقەکەیان نەخستووە .**

**ئەم بابەتە زۆر درێژە لێرەدا تەنها بۆ ئاگاداری هێناومەتەوە ،چونکە بە ئیجماعی زانایان تەلاق دانەکە حەرامە ، وە لەهەر چوارمەزهەبیش دەکەوێت .**

## ئیستیحازە نەزیفی و خوێن بەربوون لە دامەنی ئافرەت ( خوێنە چرکە )

لە زانستی پزیشکی پێی دەگوترێ ( خوێن بەربوونی نا سروشتی )

ئەم بابەتە لق و پۆپەی زۆر و ئالۆزی تێدایە بەلام بەپشتیوانی خودا بەشێوەیەکی پوختی ئاسان روونی دەکەمەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانی تێیبگات .

١-خوێنی ئیستیحازە ئەو خوێنەیە لە دامەنی ئافرەت دێتە دەر بە هۆی نەخۆشی و خوێن بەربوون ( نەزیف بوون )، هەرخوێنەك ئافرەت لە دامەنی بێتە دەر جگە لە خوێنی حەیز و نیفاس ، پێی دەگوترێ ئیستحازە ( نەزیفی ).

٢- هەرخوێنەك ئافرەت بینی ئەگەر لە ٢٤ سەعات کەمتربوو ئەوە ئیستحازەیە ، وەیان لە ١٥ رۆژ تێپەری ، رۆژی ١٦ و بەسەرەوە یانی ١٧ و ١٨ ..بە تەئکید ئیستحازەیە ،وە پازدە رۆژەکەش ئەو رۆژانەکە خوێنی بەهێزی ( رەش و سوری تێری ) تێدا بینیوە بە حەیز دادەنرێت ،وە ئەو رۆژانەی خوێنەکەی لاواز بوو ( سوری ئاسایی ) بە ئیستحازە دادەنرێت . بۆیە دەبێت ئەو رۆژانەی بۆی بە ئیستیحازە دانراوە لە کاتی خوێنە لاوازەکە ، نوێژ و رۆژووەکانی قەزا بکاتەوە .

٣-ئافرەتی نەزیف ( ئیستیحازە ) غوسلی لەسەر نییە ،بەلام بۆ هەموو نوێژێك دەبێت تارەت بگری دامەنی بشوات و پەرۆك و لۆکەو داییی خاوێن هەلگری ،وە دەست نوێژ هەلگری و نوێژەکانی بکات ، وە بەرۆژووش دەبێت ، وە جیماع کردنی دروستە .

٤-ئیستیحازە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە حالی ئافرەتان لە سێ تەوەر پوخت کراوەتەوە :

ا-معتادە – ئاشنا بەحالی خۆی – ئەو ئافرەتە نیشانەکانی خوێنی حەیز دەزانێ ،وە

دەزانی و لە بیری ماوەی پێش ئەوەی نەزیف بێت پێشان ( **چەند رۆژ دەکەوتە حەیز و لەچ کاتەکی مانگی خۆی** )، ئەوە دەگەرێتەوە سەر عادەتی خۆی وەك جاران رەفتار دەکات ،رۆژانی حەیزی خۆی تەواو کرد ،غوسل دەکات و دەست بە نوێژ و رۆژووی خۆی دەکات چونکە دوای ماوەی حەیزەکەی ئیستیحازەیە .

هەروەك لەم دوو فەرموودە هاتووە :

١-: جَاءَتْ فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْشٍ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي امْرَأَةٌ أُسْتَحَاضُ، فَلَا أَطْهُرُ، أَفَأَدَعُ الصَّلَاةَ؟ قَالَ: ‹ لَا، إِنَّمَا ذَلِكِ عِرْقٌ وَلَيْسَ بِالْحَيْضَةِ، اجْتَنِبِي الصَّلَاةَ أَيَّامَ مَحِيضِكِ، ثُمَّ اغْتَسِلِي، وَتَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلَاةٍ ) رواه ابن ماجه برقم ٦٢٤، وأحمد برقم ٢٥٦٨١

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، أنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ أَبِي حُبَيْش سَأَلَت النَّبِيَّ ﷺ قَالَتْ: إِنِّي أسْتَحَاضُ فَلا أطْهُرُ، أفأدَعُ الصَّلاةَ؟ فَقَالَ: ‹ لا، إنَّ ذَلكِ عِرْقٌ، وَلَكِنْ دَعِي الصَّلاةَ قَدْرَ الأَيَّامِ الَّتِي كُنْتِ تَحِيضِينَ فِيهَا، ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي›. أخرجه البخاري برقم (٣٢٥)، واللفظ له، ومسلم برقم (٣٣٣).

لەم دووفەرموودەیە کە حەزرەتی عائیشە دەگێرتەوە :فاتیمەی کچی ئەبو حوبەیش پرسیاری کرد لە پیغەمبەر ﷺ گوتی : من ئافرەتێکم توشی ئیستیحازە دەبم پاك نابمەوە ( خوێنم ناوەستێت ) ئایا واز لە نوێژ بێنم ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :نەخێر ، ئەوە نەزیفییە حەیز نییە ،تەنها ئەو رۆژانەی رۆژانی حەیزت بوو ( ٦ یان ٧ رۆژ ) نوێژ مەکە ، پاشان غوسل بکە و نوێژەکانت بکە بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژ بشۆرەوە .

٢-مومەییەزە :واتە ئافرەتەکە خوێنی حەیز و نەزیفی لەیەك جیا دەکاتەوە زانیاری هەیە :

ا-جا چ ( موعتادە بێت ) واتە شارەزای عادەتی خۆی بێت وەکو لە خالی یەکەم باسمان کرد .

ب-یان ( موبتەدیئە بێت ) کە یەکەم جارە خوێن دەبینێت واتە : پێشتر حەیزی نەبینیوە.

ئەوە هەردوو کیان کار بەشارەزایی و لێزانینی خۆیان دەکەن ، هەروەك لە فەرموودەی فاتیمەی کچی ئەبو حوبەیش وەکو لەسەرەوە باسمان کرد وە لە سنن نەسسائی بەم چەشنە هاتووە : إِنِّي امْرَأَةٌ أُسْتَحَاضُ، فَلَا أَطْهُرُ، أَفَأَدَعُ الصَّلَاةَ؟ قَالَ: ‹ لَا، إِنَّمَا ذَلِكِ عِرْقٌ وَلَيْسَتْ بِالْحَيْضَةِ . هەروەها پێی فەرموو : إذا كان دم الحيضة فإنه دم أسود يعرف ، فإذا كان ذلك فامسكي عن الصلاة ، فإذا كان الآخر فتوضئي وصلي ، فإنما هو عرق . رواه أبو داود والنسائي.

واتە : من ئافرەتێکم توشی ئیستیحازە دەبم پاك نابمەوە ( خوێنم ناوەستێت ) ئایا واز لە نوێژ بێنم ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :نەخێر ، ئەوە نەزیفییە حەیز نییە ، ئەگەر خوێنی حەیز بوو رەشە ( یعرف ) بەدوو مانا دێت ،ئەگەر پیتی را فەتحە بێت واتە ناسراوە لەلای ئافرەتان ،وەئەگەر پیتی را کەسرە بێت یانی بۆنی دێت ئەوەش یەك لە نیشانەکانی خوێنی حەیزە کە بۆنی ناخۆشە ).

ئەگەر ئەو خوێنە رەشە بە بۆنە بوو ئەوە راوەستە لە نوێژ کردن ( چونکە حەیزە ) ،وە ئەگەر خوێنەکەی تربوو ( رەش نەبوو و بۆنی نەبوو ،ئاسایی بوو ) ،ئەوە دەست نوێژ بشۆ و یەکسەر نوێژەکەت بکە ، چونکە ئەوە نزیفی یە ( خوێن بەربوونە ) .

کەواتە : بەگوێرەی سیفەتەکانی ناسینەوەی جۆری خوێنەکان کار دەکات ،منیش بۆ ئەو

**مەبەستە بەم خشتەیە ئاسانکاریتان بۆ دەکەم تا بە ئاسانی خوێنی حەیز و ئیستیحازە لەیەك جیابکەیتەوە :**

**جیاوازی نێوان خوێنی حەیز و ئیستحازە ( نەزیفی ).**

| | خوێنی حەیز | خوێنی ئیستیحازە – نەزیفی |
|---|---|---|
| ١ | ڕەشەو سوری تێرە | سوری ئاساییە |
| ٢ | نامەیت و نابتە خەلتان | دەمەیی و دەبێتە خەلتان |
| ٣ | بۆنی ناخۆش و بۆگەنە | بۆنی بۆگەنی نییە |
| ٤ | خوێنەکەی چرەو تێرە | خوێنەکە ئال و خەفیفە |
| ٥ | بە ئازارە | زۆربەی کات بێ ئازارە |
| ٦ | خرۆکەی سور و خرۆکەی سپی و وردە پارچەی پەردەی ناوەخنی مندالدانی تێدایە | تەنها خرۆکەی سور و سپی تێدایە |
| ٧ | کاتی دیاریکراوی هەیە | کاتی دیاریکراوی نییە دەکرێ هەر کاتێك ڕوووبدات |
| ٨ | ماوەکەی دیاری کراوە کە زۆربەی ٦یان ٧ ڕۆژە | ماوەی دیاریکراو نییە جار وەیە ماوەی زۆر کورتە ، جاریش وایە بەردەوامە |

## ٣- ئەگەر هاتوو ئافرەتەکە :

**أ-مومەییزە نەبوو ( نەیدەزانی خوێنی حەیز و ئیستیحازە ) لەیەك جیابکاتە ، جا چ ( موعتادە بێت ) واتە پێشتر حەیزی بینیووە ، بەلام نە ماوەی مانەوەی لە بیرماوە کە چەند رۆژ دەکەوتە حەیز ، وە نە کاتی کەوتنە حەیزی لەبیرماوە ،کە جاران لە چەندی مانگ دەکەوتە حەیز .ئەوە پێیدەگوترێ ( معتادة متحيرة ) عادەت بینووی سەرگەردان .**

**ب- ( موبتەدیئە بێت ) کە یەکەم جارە خوێن دەبینێت واتە :پێشتر حەیزی نەبینیوە ( وە زانیاری لە جیاکردنەوەی حەیز و نەزیفی نییە ) واتە : ( مبتدأة غير مميزة ) ( سەرەتای نەفام ) .**

**ئەوانە بۆ ئەوەی بە شێوەکی شەرعی هەلس و کەوت بکەن ، ئەوا وەك زۆربەی ئافرەتانی خزم و عەشیرەتی خۆیان رەفتار دەکەن ، لە ژمارەی رۆژەکانی مانەوەیان لە حەیز کە ( ٦رۆژ یان حەوت رۆژە ) ، هەروەها لە بەرواری کەوتنە ناو حەیز لە رۆژەکانی مانگ ،لەلای شەرع زانەکان ئەم دەستەواژە بەکار دێت ( قدرا و وقتا ) .**

**وەکو لە فەرموودەی پێغەمبەر هاتووە : حەمنەی کچی جەحش هاتە لای پێغەمبەر ﷺ کە زۆر تووشی نەزیفی دەبوو ،**

**وَعَنْ حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ قَالَتْ: كُنْتُ أُسْتَحَاضُ حَيْضَةً كَبِيرَةً شَدِيدَةً، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ – صلى الله عليه وسلم – أَسْتَفْتِيهِ، فَقَالَ: (إِنَّمَا هِيَ رَكْضَةٌ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ، أَوْ سَبْعَةً، ثُمَّ اغْتَسِلِي، فَإِذَا اسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي أَرْبَعَةً وَعِشْرِينَ، أَوْ ثَلَاثَةً وَعِشْرِينَ، وَصُومِي وَصَلِّي، فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِئُكِ، وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ، فَإِنْ قَوِيتِ عَلَى أَنْ تُؤَخِّرِي الظُّهْرَ وَتُعَجِّلِي الْعَصْرَ، ثُمَّ تَغْتَسِلِي حِينَ تَطْهُرِينَ وَتُصَلِّينَ الظُّهْرَ وَالْعَصْرِ جَمِيعًا، ثُمَّ**

تُؤَخِّرِينَ الْمَغْرِبَ وَتُعَجِّلِينَ الْعِشَاءِ، ثُمَّ تَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ، فَافْعَلِي. وَتَغْتَسِلِينَ مَعَ الصُّبْحِ وَتُصَلِّينَ ). قَالَ: (وَهُوَ أَعْجَبُ الْأَمْرَيْنِ إِلَيَّ) رواه أبو داود (٢٨٧)، والترمذي (١٢٨)، وابن ماجه (٦٢٧)، وأحمد (٦/ ٤٣٩).

حەمنەی کچی جەحش گوتی :من زۆر بەتوندی نەزیف دەبووم و خوێنم دەدیت (خوێنێکی زۆر و ماوەیەکی زۆر) ،چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی پرسیاری لیٚ بکەم لە رووی شەرعەوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەوە گۆرەپانی شەیتانە (بۆ ئەوەی بە وەسوەسە لە نوێژ دوورت خاتەوە ) شەش رۆژ یان حەوت رۆژ بە حەیز دابنیٚ پاشان غوسل بکە ،جا ٢٣ یان ٢٤ رۆژ نوێژ و رۆژووی خۆت ئەنجام بدە ،ئەوە بۆت بەسە (نوێژ و رۆژووەکانت دروستە ) ،هەر بەم چەشنە بکە وەکو ئافرەتان کە دەکەونە حەیز .

ئەوەی تر رێنماییە بۆی ئەگەر ناچار بوو(لە خۆ شوشتن و زۆر دەستنوێژ گرتن ) ئەوە دەتوانی نوێژەکانی جەمع بکات ،(نیوەرۆ و عەسر بەیەکەوە ) وە (مەغریب و عیشا بەیەکەوە ) وە نوێژی بەیانی لەکاتی خۆی بکات .

تێبینی : حوکمی شەرعی بۆ ئافرەتی نەزیف دەبێت : بۆ هەر نوێژەکی فەرز تارەت بگریت وە پەرۆك یان فوتە یان داییی کۆنە پیسەکە بگۆریت یەکێکی خاوێن دا بنێت ، پاشان دەسنوێژ بگریت بەمەرجێك کاتی نوێژەکە بووبی (بانگ درابیت ) وە دوای دەست نوێژ گرتنەکە خۆی تاخیر نەکات بیٚ هۆی شەرعی (وەك جلك لەبەرکردن چاوەریی نوێژی جەماعەت ئاساییە ) ئەگەرنا زوو نوێژەکەی بکات دروست نیە خۆی تەئخیر بکات چونکە دەست نوێژەکەی بەتال دەبتەوە .

بەلام ئەگەر نەزیفیەکەی زۆر و ماوە درێژ بوو وە زۆر بەو هەموو دەست نوێژ و تارەت

گرتنە دەکەوتە ماندوو بوون و شەکەت بوون ، ئەوە زانیان فەتوایان داوە دەتوانی وەك نەخۆش نوێژەکانی جەمع بکات ( نیوەرۆ و عەسەر بەیەك دەست نوێژ ) وە مەغریب و عیشا بەیەك دەست نوێژ ) وە نوێژی بەیانی لەکاتی خۆی بە دەست نوێژەکی نویٚ .

# چەند ئامۆژگاریەکی بە نرخ بۆ خوشکان

١- پێویستە لەسەر هەموو ئافرەتێکی موسلمان ،بە جوانی ئاگادری عادەتی خۆی بیت لە سوری مانگانەی ،ژمارەی رۆژەکان ،وە کاتی دەست پێکردنی مانگانە ، وە هەر کات هەستی بە گۆرانکاری نا سروشتی کرد ،راوێژ لە گەل پزیشکی پسپۆری ئافرەتی موسلمان بکات چونکە وەك لە سەرەتا باسمان کۆمەلێك حوکمی شەرعی بەسوری مانگانە پەیوەستە لە حەلال و حەرام ،وە باتیبەت نوێژ و رۆژوو کە پەیوەندی بە بەختەوەری قیامەتی مرۆڤەکانە ،بۆیە هیچ کات کەمتەر خەم مەبە .

٢-نەزیف بوون (ئیستیحازە ) حالەتێکی نەخۆشی جەستەییە لە زۆربەی حالەتەکان ،بۆیە دەبێت لە رێگای پشکنین هۆیەکان دیاری بکرێن پاشان بە دەرمان چ کیمیاوی یان سروشتی چارەسەر بکرێت .

بۆ نموونە هەندێك لەو هۆیانەی دەبنە هۆی رووداني نەزیفی :

١-بەرزی پەستانی خوێن .

ب- بوونی گرێی شیێر پە نجەیی .

ج-تێکچوونی هۆرمۆناناتی ئیسترۆجین وبرۆجسترۆن .

د- بوونی گرێی سەلامەت نا شێر پە نجەیی .

ه-بەکار هێنانی هەندێك دەرمان ، قەدەغەکردنی منداڵ بوون بەدەرمان یان بەستان .

**و-قەلەوی یان رێجیمی توند بۆ دابەزاندی کێش .**

**ز-بەکارهێنانی دەرمانەکانی خوێن شل کردنەوە ( وەك ئەسپرین و وارفارین ... ) .**

**س-هەندێك نەخۆشی ( غودەی دەرەقی ) یان نەخۆشیەکانی جەرگ و گورچیلە .**

**٣-هۆیەکانی نەزیف بوون وەکو گوتمان زۆربەی کات نەخۆشی جەستەییە ،زۆر بیر لە سیحر و جادو مەکەوە ،کە گوایە لە جنۆکانە ( ئەم شتانە دەگمەنن زۆر کەمن بە روقیەی شەرعی چارەسەر دەکرێت ) ،وە تێگەیشتنی ئەو فەرموودانە کە پێغەمبەر فەرموویەتی :** (إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ) ركضة – ضربة **کە لە موسنەدی ئیمام ئەحمەد هاتووە زۆربەی زانایان بە لاوازیان داناوە ، وە هەتا گریمان ئەگەر سەحیحیش بوو زانایانی بواری فەرموودە بەم چەشنەیان تەفسیریان نەکردووە کە ئەمە لێدانی شەیتانە لە رەحمی ئافرەت ،بەلکو فەرموویانە :دەرفەتێکە بۆ شەیتان ،رووداوێکە بۆ راکردنی شەیتان لە رێگای وەسوەسە خاوەنەکەی بەرەو تەرکی نوێژ ببات ،تەماشای پەرتوکی ( معالم السنن للخطابي ج١ص٩٠ ) بکە وە ( المحرر في الحديث ص ١٤٧ ) .**

## چەند نموونەیەکی کرداری بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بابەتەکە :

١-ئافرەتێك ٤٥ رۆژ خوێنی بەردەوام بوو١٤ رۆژ خوێنەکە رەش بوو ،رۆژەکانی تر سوور بوو چی لەسەری پێویستە لەشەرع .

وەلام :لەگەل سەرەتای دیتنی خوێن واز لە نوێژوو رۆژوو دەهێنی ،١٤ رۆژەکەی خوێنی بەهێزی بینیووە حەیز بووە ،رۆژەکانی تر ئیستیحازەیە،واتە: لەرۆژی ١٥ وە دەست بە نوێژوو رۆژوو دەکاتەوە .

٢-ئافرەتێك ١٠ رۆژ خوێنی بینی ،٦رۆژ خوێنەکەی رەش بوو ،وە ٤ رۆژ خوێنەکەی سووری ئاسایی بوو ،حوکمەکەی چی یە؟

وەلام: رۆژانی بینینی خوێنی رەش حەیزە ٦ رۆژەکە، وە ٤رۆژەکەی تر نەزیفیە ئیستیحازەیە .

٣- ئافرەتێك تەمەنی ٨ سالە ١٠ رۆژ خوێنی بینی حوکمی چی یە ؟

وەلام ئیستیحازەیە ،چونکە پێش ٩ سال ئافرەت ناکەوتە حەیز .

٤-ئافرەتێکی تەمەن ١٥ سالان بۆ ماوەی ٢٢ سەعات خوێنی بینی حوکمی چییە .

وەلام :ئیستیحازەیە چونکە لەشەو ورۆژێك ( ٢٤ ) سەعات کەمترە .

٥-ئافرەتێکی تەمەن ٦٠سالی ٧ رۆژ خوێنی بینی حوکمی چییە ؟

وەلام :ئیستیحازەیە چونکە تەمەنی حەیز( بینینی ) تێپەراندووە ( سن الیاس ) وەستاوە

لە حەیز .

٦- ئافرەتێك ٤ رۆژ خوێنی بینی پاشان ١٤ رۆژ پاك بۆوە ، رۆژی ١٥ خوێنی بینیەوە حوكمی چۆنە ؟

وەلام :چوار رۆژەكە حەیزە ،یەك رۆژەكەی ١٥ ەمین رۆژ ئیستیحازەیە چونكە پاكی نێوان دوو خوێنەكە كەمترە لە ١٥ رۆژ، وەكو گوتمان كەمترین پاك بوونەوەی نێوان دوو حەیز ١٥ رۆژە ،كەواتە كەمتر بە ئیستیحازە دادەنرێت .

---------------------

## کۆتایی ..

لەکۆتایی داواکارم خودای گەورە لە هەلەو کەم و کوریەکان بمانبەخشێت بە رەحمەتی خۆی وە ئەجرو پاداشتی ماندوو بونمان بداتەوە ،وە بەو پوختە کۆتایی بەم نامیلکە دەهێنم ، وە ئومێدەوارم توانی بم پەیامی بابەتەکە بەئاسانی و دروستی بگەینمە بەردەستی خوێنەران ،وە زۆر مەسەلەی وردیش هەیە هەر پێویستمان بە پرسیارکردن دەبێت لە زانایانی شارەزا ،ئەوە هەموو شتێك نیە ،بەلکو زۆربەیەتی.

واخر دعوانا ان الحمدلله رب العامين .

محمود محمد مجید

وتار خوێنی مزگەوتی کۆمەلگای گەلالە

٢٠٢١